

# وشە گرنگەکانی پەیمانی کۆن


پێشەکی ........................................ 1

بەشی یەك: ناو و ناونیشانەکانی خوداوەند ........................................ 2

بەشی دوو: وشە تایبەتەکان بۆ باسکردنی کەسایەتی خوداوەند ........................................ 5

بەشی سێ: وشە تایبەتەکان بۆ باسکردنی ئامادەبوونی خوداوەند ........................................ 7

بەشی چوار: وشە تایبەتەکان بۆ باسکردنی گەلی خوداوەند ........................................ 9

دەرئەنجام ........................................ 11

سەرچاوەکانی توێژینەوە ........................................ 12



کاتی بلاوکردنەوە: مانگی دە، ٢٠٢٥

توێژینەوەی ئینجیلی

# پێشەکی

## ئامانجی ئەم کۆرسە

- ئامانجی سەرەکی (توێژینەوەی ئینجیلی) یارمەتیدانی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت باشتر لە ئینجیلی پیرۆز تێبگەن.
- ئەم کۆرسەش مەبەستێکی تایبەتی هەیە: تێگەیشتن لە وشە گرنگەکانی پەیمانی کۆن. ئەمە ئەرکێکی زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی یەزدان پەیامی خۆی دەر بڕیوە لە ڕێگەی زمان و وشەی مرۆڤ – بە تایبەتی زمانی عیبری و یۆنانی. بۆیە ئەگەر بەتەما بین لە وشەی خودا تێبگەین دەبێت لە وشەکانی کتێبی پیرۆز تێبگەین.
  - بۆ ئەم کۆرسە تەنها باسی وشە گرنگەکانی عیبری دەکەین لەبەر ئەوەی کۆرسەکە دەربارەی پەیمانی کۆنە، نەك پەیمانی نوێ.

## بۆ چی پێویستە ئەم وشانە بخوێنین؟

- هەر چەندە وەرگێڕانێکی باش و جوانمان هەیە بۆ کتێبی بیرۆز بە زمانی کوردی، هەندێك جار مانای وشەیەك بۆمان زۆر ڕوون نیە. سێ هۆ هەیە بۆ ئەم بارودۆخە:
  - هەندێك جار وشەیەك زۆر باوە – وەك (مەسیح) یان (ئیسرائیل) – و لەبەر ئەوە مانایە ڕەسەنەکەی تۆزێك بزر بووە.
  - هەندێك جار وشەیەك زۆر تایبەتە – وەك (خۆشەویستی نەگۆڕ) – و لەبەر ئەوە شتی زەحمەتە وەربگێڕدرێت بۆ زمانێکی تر بە شێوەیەکی تەواو و یەکسان.
  - هەندێك جار وشەیەکی عیبری دوو یان سێ مانای هەیە – (وەك وشەی ڕاستی / دڵسۆزی) – و لەبەر ئەوە لە نووسینێکی وەرگێڕدراودا دیار نیە کامە لە وشەکانی کوردی هی کامە لە وشەکانی عیبرین.
- بە دڵنیاییەوە باشترین چارەسەرێك بۆ ئەم بارودۆخە فێربوونی زمانی عیبری دێرینە، و زاناکانی پەیمانی کۆن زۆر ئیش دەکەن لەسەر ئەم ئەرکە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم کارە زۆر ڕەنج و کاتی دەوێت، ئێمە تەرکیز دەکەین لەسەر گرنگترین وشەکان لە پەیمانی کۆندا و بەم شێوەیە زۆر بەرەو پێش دەچین لە ڕووی خوێندنی کتێبی پیرۆز.
- ئێمە ناتوانین لەم کۆرسەدا هەموو وشەکانی عیبری بخوێنین، بەڵام هەوڵ دەدەین زۆر لە وشە گرنگەکان بخوێنین، بەتایبەتی ئەوانەی کە زوو زوو بە هەڵەوە تێگەیشتوون لەلایەن باوەڕدارەکانی مەسیح.

## پێنج بەشی وشەکاری دەخوێنین لەم کۆرسەدا

١. **ناو و ناونیشانەکانی خوداوەند** (خوداوەند ؛ یەهوا ؛ پەروەردگار ؛ هتد.)

٢. **وشە تایبەتەکان بۆ باسکردنی کەسایەتی خوداوەند** (بەبەزەیی ؛ خۆشەویستی نەگۆڕ ؛ دڵسۆزی ؛ هتد.)

٣. **وشە تایبەتەکان بۆ باسکردنی ئامادەبوونی خوداوەند** (پیرۆزی ؛ شکۆمەندی)

٤. **وشە تایبەتەکان بۆ باسکردنی گەلی خوداوەند** (مرۆڤایەتی ؛ ئیسرائیل ؛ یەهودییەکان ؛ مەسیح)

## پەیامێکی ئاگادارکردنەوە پێشەوەی دەست پێ بکەین

- هەر وەك هەموو زمانەکانی مێژووی جیهان، عیبری زمانێکی سرووشت و هوونەرییە. یەك یاسا و پێناسە نیە بۆ هەر وشەیەك. نووسەرەکان ئازادییان هەبوو وشەکانی عیبری بەکار بهێنن بە پێ هۆکار و مەبەستی پەیامی خۆیان.
- وەك جاران باسمان کردووە، دەبێت گرنگ بە چوارچێوەی ئایەتێك بدەین تاکو وشەیەك لەم ئایەتە لێك بدەینەوە.

## بەشی یەك: ناو و ناونیشانەکانی خوداوەند

**خودا / خوداوەند**

אֵל / אֱלֹהִים (ئێل / ئێلۆهیم)

- ئەمە گشتی ترین ناوی خودایە. مەبەستەکەی ئەوەیە (خوداوەند). دەورەی ٢٦٠٠ جار بەکار هێنراوە لە پەیمانی کۆندا.
- ئەم وشەیە تایبەت نیە بۆ یەزدان (خودای ئیسرائیل) بەڵکو وشەیەکی گشتییە. دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ هەر بوونەوەرێك کە ڕۆحییە. بەم شێوەیە ماناکەی نزیکە لە وشەی (خوداوەند) لە زمانی کوردیدا.
  - زۆربەی جار کە بەکار هێنراوە لە پەیمانی کۆندا، ئەم وشەیە ئاماژەی یەزدان دەکات. (نموونە: پەیدابوون ١:١)
  - بەڵام زۆر جاریش بەکار هێنراوە بۆ ئاماژەکردنی خوداکانی دیکە. (نموونە: یەکەم پاشایان ٣٣:١١)
  - هەندێك جاریش (ئێلۆهیم) بەکار هێنراوە بۆ فریشتەکان یان بوونەوەرە ڕۆحییەکانی ئاسمان. (نموونە: زەبووری ٥:٨ ؛ ١:٨٢) بەڵام باوترە کە ئەوان بە ناونیشانەی (بنەی ئێلۆهیم – کوڕانی خودا) ئاماژەکراو بن. (نموونە: پەیدابوون ٢:٦ ؛ ئەیوب ٦:١)
- ئەم وشەیە بە دوو شێوازێك نووسراوە: (١) (ئێل) وشەی کورت و تاکە، (٢) (ئێلۆهیم) وشەی درێژ و کۆیە. زۆر جار کە نووسەرەکانی پەیمانی کۆن ئەم وشەیە بەکار دەهێنن بۆ ئاماژەکردنی یەزدان خودای ئیسرائیل بە شێوازی کۆ دەینووسن چوونکە لە ڕێزمانی زمانی عیبری دەکرێت شێوازی کۆ بەکار بهێنرێت بۆ کەسێك یان شتێك کە زۆر گرنگ و مەزنە (وەك ئاسمان - شامایم).
- پرسیار: ئەزموونی پێغەمبەرەکانی دێرین چۆن لە ئەزموونی ئێمە نزیکە و چۆن جیاوازە لە ڕووی ئەوەیە کە ئەوان هەمیشە خودای ئیسرائیل جیایان دەکرد لە خوداکانی دیکە؟

---

---

**یەهوا / یەزدان**

יְהוָה (یەهوا)

- ئەمە تایبەت ترین و باو ترین ناوی خودایە لە پەیمانی کۆندا، لەبەر ئەوەی ناوی تایبەتی خۆیە. نزیکەی ٦٥٠٠ جار بەکار هێنراوە.
- ناوی (یەهوا) بۆ هیچ کەسێك یان بوونەوەرێك یان خودایەکی دیکە بەکار نەهێنراوە، بەڵکو هەمیشە ئاماژەی خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیل دەکات.
- مەبەستی (یەهوا) چیە لە زمانی عیبریدا؟
  - یەهوا لە وشەی (הָיָה – هایا) هاتووە و ماناکەی ئەوەیە (هەبوون / هەیە). بۆیە دوو ئەگەری هەیە بۆ مەبەستی وشەی یەهوا: (١) ئەوەی کە هەمیشە هەبوو و هەیە و دەبێت ؛ (٢) ئەوەی کە هەبوون دەبەخشێت.
- پرسیارێك: ئەم زانیارییە چۆن یۆحەنا ٥٨:٨ بۆمان ڕوون دەکاتەوە؟ مەبەستی عیسا چیە لەم بەشە؟

---

- لە پەیمانی کۆندا یەکەم جار کە ناوی یەهوا بەکار هێنراوە ئەوەیە: پەیدابوون ٤:٢.
- پرسیارێك: لەبەر چ هۆکارێك وشەی ئێل (خودا) بەکارهێنراوە لە پەیدابوون ١ بەڵام وشەی یەهوا (یەزدان) بەکارهێنراوە لە پەیدابوون ٢؟ هەر وشەیەك چۆن جەخت لەسەر ڕاستییەکی تایبەت و جیاواز دەکات دەربارەی دروستکردنی جیهان و مرۆڤایەتی؟

---

- هەر چەندە لە پەیدابوون بەشی دووەوە ناوی یەهوا نووسراوە، بە گوێرەی دەرچوون ٣:٦، خودا ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد بوو هەتا سەردەمی موسا. لە دەرچوون ١٢:٣-١٨ و ٢:٦-٨ خوداوەند ناوی خۆی ئاشکرا دەکات بۆ موسا و ئیسرائیلییەکان.

- دەرچوون ٣:١٢-١٨ و ٦:٢-٨ بخوێننەوە و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەن : (١) یەهوا بە چ شێوەیەك وەسفی خۆی دەكات ؛ (٢) خودا بە تەمایە ئیسرائیلییەكان ناوی (یەهوا) پەیوەست بكەن بە چ ڕووداوێكی مێژووی و چ ڕووداوێكی داهاتوو؟

---

---

- ناوی (یەهوا) ئەوەندە تایبەت و پیرۆزە كە لە سەردەمی دووەم پەرستگاوە هەتا ئێستاش جولەكەكان ناوە پیرۆزەكە دەر نابڕن بەڵكو ناونیشانێكی دیكە – وەك ئەدۆنای (پەروەردگار) یان هاشێم (ناوەكە) – بەكار دەهێنن لە جێگای (یەهوا).

## پەروەردگارم

אֲדֹנָי (ئەدۆنای)

- (ئەدۆن) ناونیشانێكی زۆر سادە و گشتییە بەڵام زۆر جار بەكار هێنراوە بۆ بانگكردنی خودا – زیاتر لە ٤٠٠ جار.
- وشەی (ئەدۆن) واتە (گەورە) یان (خاوەن). ئیتر وشەی (ئەدۆن**ای**) واتە (گەورە**م**)، بەڵام وەك وشەی (ئێلۆهیم) بە شێوازی كۆ نووسراوە و بەم شێوەیە دیارە كە ئاماژەی خودا دەكات نەك مرۆڤێك كە خۆی گەورەیەكە.
  - وشە ڕەسەنەكە (ئەدۆن) زۆر جار بەكار هێنراوە بۆ مرۆڤێك – بۆ نموونە لە پەیدابوون ٩:٢٤ ئاماژەی ئیبراهیم دەكات.
  - یەكەم جار كە وشەی (ئەدۆنای) بەكار هێنراوە بۆ ئاماژەكردنی یەزدان ئەوەیە: پەیدابوون ٢:١٥.
- وەك گوتمان، جولەكەكان ئەم وشەیە بەكار دەهێنن لە جێگای ناوی **(یەهوا)**.

## ناونیشانەكانی دیكەی خوداوەند لە پەیمانی كۆندا

- هەندێك جار وشەی ئێل (خودا) یان یەهوا (یەزدان) لەگەڵ وشەیەكی دیكە بەستراوە تاكو ناونیشانێكی تایبەت دروست بكرێت بۆ خودا. هەر یەكێك لەم ناونیشانانە جەخت لە یەكێك لە سیفاتەكانی یەزدان دەكات. جگەلە وشەی ئەدۆنای (پەروەردگار)، ئەمانە باوترین ناونیشانەكانی یەزدانن:
  - یەهوا تسەڤائۆت (یەزدانی سوپاسالار) – یەكەم ساموئێل ٣:١ ؛ ٤٥:١٧ ؛ ئیشایا ٣:٦
  - ئێل شادای (خودای هەرە بە توانا**)** – پەیدابوون ١:١٧-٢ ؛ ٣:٤٨-٤ ؛ دەرچوون ٢:٦-٥
  - ئێل عێلیۆن (خودای هەرەبەرز) – پەیدابوون ١٨:١٤-٢٠ ؛ دانیال ٢٥:٧-٢٧
  - قەدۆش ئیسرائیل (پیرۆزەكەی ئیسرائیل) – دووەم پاشایان ٢٠:١٩-٢٢ ؛ ئیشایا ٢٢:٥-٢٥
- سەرەڕای ئەوە، شتی باوە لە پەیمانی كۆندا كەسێك ناونیشانێكی تایبەت بەكار بهێنێت بۆ خودا دوای ئەوەی خودا دەربازی ئەو كەسە دەكات یان پەیوەندییەكی تایبەت دروست دەكات لەگەڵ ئەو كەسە. زۆربەی جار ئەم ناونیشانە ئاماژەی خودا دەكات بەڵام بۆ شتێك (وەك قوربانگایەك) یان بۆ شوێنێك لێ نراوە**.** هاجەر تاكە كەسێكە لە پەیمانی كۆندا كە ناوێك لە یەزدان دەنێت بە شێوازێكی ڕاستەوخۆ. ئەم نموونەیە لەگەڵ چەند نموونەیەكی تر لە خوارەوە نووسراون.
  - ئیبراهیم: ئێل عۆلام (خودای هەتاهەتایی) – پەیدابوون ٣٣:٢١ ؛ یەهوا ییرئێ (یەزدان دەبینرێت) – پەیدابوون ١٤:٢٢
  - هاجەر: ئێل ڕائی (خودا كە من دەبینێت) – پەیدابوون ١٣:١٦
  - موسا: یەهوا نیسی (یەزدان ئاڵای منە) – دەرچوون ١٥:١٧
  - گدعۆن: یەهوا شالۆم (یەزدان ئاشتییە) – ڕابەران ٢٤:٦
- پرسیارێك: دەبێت ئێمە چۆن لەم نەریتە فێر بین كە گەلی خودا زۆر ناونیشان لە یەزدان دەنێن لە كتێبی پیرۆزدا؟ دەكرێت كاریگەری هەبێت لەسەر پەیوەندیمان لەگەڵ خودا، بە تایبەتی كە نوێژی بۆ بەرز دەكەینەوە؟

---

---

**مەبەستی (هەڵگرتنی ناوی یەزدان) چییە لە دە ڕاسپاردەکەدا؟**

- لە دەرچوون ٢٠:٧، یەکێك لە دە ڕاسپاردەکان سەبارەت بە ناوی یەزدانە (یەهوا).
    - بە زمانی عیبری: לֹא תִשָּׂא אֶת־שֵׁם־יְהוָה אֱלֹהֶיךָ לַשָּׁוְא
    - وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ: **ناوی یەهوا** خوداوەندەکەت **هەڵ مەگرە** بە شێوازێکی **ناڕاست / بێ مانا**.
    - هەمان یاسا لە دواوتار ٥:١١ نووسراوە.
- بۆ تێگەیشتن لەم فەرمانە دەبێت بزانین مانای ئەو دەستەواژەیە چییە: هەڵگرتنی ناوێك.
    - لە دەرچوون ٢٨ ئەم دەستەواژەیە بۆمان ڕوون دەکرێتەوە. با ئایەتی ٩-١٢ و ٢٩ی ئەو بەشە بخوێنینەوە.
    - لەم دەقەدا جلّی تایبەتی هارون باسکراوە. لەسەر ئێفۆد بەرسینەکەی هارون ناوی هۆزەکانی ئیسرائیل نووسراون تاکو هارون ناوی ئەوان هەڵ بگرێت کە دەچێتە ناو شوێنە پیرۆزەکە لە بەردەم یەزدان. هارون خۆی سەر بە هۆزی لێڤی بوو بەڵام ناوی هەموو هۆزەکان هەڵ دەگرێت کە ئەرکی خۆی ئەنجام دەدات لە ناو چادرەکەدا. بە گوێرەی ئەم بەشە مەبەستێکی تایبەت هەیە بۆ ئەم کردارە: یادکردنەوە بە بەردەوامی لەبەردەم یەزدان (٢٨:٢٩). کەواتە کاهینەکە ناوی هەموو هۆزەکانی ئیسرائیلی بە بیری یەزدان دەهێنێت کە دەچێتە ناو شوێنە پیرۆزەکە.
    - بەم شێوازە هەڵگرتنی ناوی هۆزەکان مانای ئەوەیە کە کاهینەکە وەك نوێنەرێك وا بوو بۆ هەموو گەلی ئیسرائیل لە پێش چاوی خودا و هەروەك ئەوە بوو کە هەموو گەلی ئیسرائیل چووە ناو پەرستگاکە.
- ئێستا بۆمان ڕوون بووەوە کە (هەڵگرتنی ناوێك) واتە نوێنەرایەتیکردنی ئەوەی کە خاوەنی ناوەکەیە. بەم زانیارییە دەتوانین فەرمانی دەرچوون ٢٠:٧ شی بکەینەوە. ئایا هەڵگرتنی ناوی (یەهوا) بە شێوازێکی ناڕاست مانای چییە؟ دەبوایە گەلی ئیسرائیلی چۆن فەرمانی ئەم ئایەتە جێبەجێ بکەن؟ بۆ ئێمەش فەرمانەکە چۆن پەیوەست و مانادارە؟

---

---

---

# بەشی دوو: وشە تایبەتەکان بۆ باسکردنی کەسایەتی خوداوەند

## ئاشکراکردنی کەسایەتی خوداوەند لەسەر شاخی سینا (دەرچوون ٣٤:٥-٨)

- وەك باسمان کردووە، یەکەم جار کە موسا لەسەر شاخی سینادا یەزدانی ناسی، یەزدان **ناوی خۆی** بۆ ئاشکرا کرد (دەرچوون ٣:١٢-١٨). دووەم جاریش کە موسا لەسەر سینا لەگەڵ یەزدان گفتوگۆی دەکرد، یەزدان **کەسایەتی خۆی** بۆ ئاشکرا کرد (دەرچوون ٣٤:٥-٨). با ئەم بەشە پێکەوە بخوێنین.
  - ٦:٣٤ بە زمانی عیبری: וַיַּעֲבֹר יְהוָה עַל־פָּנָיו וַיִּקְרָא יְהוָה יְהוָה אֵל רַחוּם וְחַנּוּן אֶרֶךְ אַפַּיִם וְרַב־חֶסֶד וֶאֱמֶת
  - وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ: ئینجا یەزدان لەبەردەمی تێپەڕی و ڕایگەیاند: یەهوا، یەهوا خودایەکی **بەبەزەیی** و **بەخشەندەیە**. **کەپوودرێژە** و **خۆشەویستی نەگۆڕ** و **دڵسۆزی** **زۆرە**.
- دەزانین کە ئەم بەشەی کتێبی دەرچوون (٦:٣٤-٧) کە یەهوا وەسفی خۆی دەکات زۆر گرنگ بوو بۆ نووسەرەکانی کتێبی پیرۆز بە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە بیست جار ئاماژەی ئەم ئایەتانە دەکەن.
  - چەند نموونەیەك: سەرژمێری ١٨:١٤ ؛ زەبووری ١٥:٨٦ ؛ یونس ٢:٤ ؛ یۆئێل ١٣:٢ ؛ نەحەمیا ١٧:٩
- ئێستاش باسی ئەم پێنج وشەیە دەکەین کە لەم ئایەتە بەکار هێنراون بۆ وەسفکردنی کەسایەتی خوداوەند.

## ڕەخوم (بەبەزەیی)

- وشەی (ڕەخوم) لە وشەی (ڕێخێم) هاتووە کە مانای ئەوەیە (منداڵدان / رحم). بەم شێوازە وشەکە لەسەر بناغەیەکی هێمایی دامەزراوە. ئافرەتێك کە دووگیانە خۆشەویستییەکی تەواوی هەیە بۆ ئەو منداڵە کە لە ناویدایە. کاتێك ئەو منداڵەش گەورە بووە دایکەکەی بەبەزەییە لەگەڵی هەر چەندە ئەگەر منداڵەکە غەدری لێ بکات.
- بە هەمان شێوە کەسێك کە (ڕەخوم)ە لەگەڵ کەسێکی تر ئاگای لەو کەسەیە و زۆر بەبەزەییە لەگەڵی. میهرەبانی تەنها هەستێك نیە بەڵکو هەروەها بەرهەمی کرداریش دەهێنێت – وەك لێخۆشبوون و دابینکردن.
- ئەم وشەیە زۆر بەکار هێنراوە بۆ وەسفکردنی یەزدان، بە تایبەتی لەو کاتانە کە گەلی ئیسرائیل یاخی بوون بەڵام یەزدان ئامادەیە لێیان خۆش بێت و ڕزگاریان بکات ئەگەر تۆبە بکەنەوە (دواوتار ٣١:٤ ؛ میخا ١٩:٧ ؛ ئیشایا ١:١٤ ؛ ٤٩:١٠-١٥ ؛ یەرمیا ١٨:٣٠).
- ئایا عیسای مەسیح چۆن ئەم سیفاتەی بەرجەستە دەکرد لە ژیانی خۆیدا؟

---

## خەنون (بەخشەندە)

- وشەی (خەنون) پەیوەستە بە وشەی (ڕەخوم) و لەبەر ئەوە لە دەرچوون ٦:٣٤ لە تەنیشتی یەکتر نووسراون. (خەنون) لە وشەی (خەن) هاتووە کە ماناکەی ئەوەیە (بەخشەندەیی / دیاری / ڕەزامەندی).
- بۆیە ئەگەر کەسێك (خەنون) بێت لەگەڵ کەسێکی تر واتە دڵ و ڕەزامەندی خۆی بەو کەسەی بەخشیوە و لێی ناستێنێتەوە. کەواتە ئەو سیفاتەش تەنها هەستێك نیە بەڵکو کرداریشە. کەسێکی خەنون چاوتێر و دەستکراوە.
- ئەم وشەیە بەکار هێنراوە بۆ وەسفکردنی هەڵسوکەوتی یەزدان لەگەڵ مرۆڤایەتی. مەبەستی ئەوەیە کە یەزدان ڕەزیڵ نیە بەڵکو دیاری و ڕەزامەندی بۆ گەلی خۆی دەبەخشێت و پەیداویستییەکانیان دابین دەکات (زەبووری ٤:١ ؛ ١٣:١٠٢ ؛ ئیشایا ١٨:٣٠-١٩).
- ئایا عیسای مەسیح چۆن ئەم سیفاتەی بەرجەستە دەکرد لە ژیانی خۆیدا؟

---

## ئێرێخ ئەپاییم (کەپوودرێژ / ئارامگر)

- (ئێرێخ ئەپاییم) لە ڕاستەوخۆ واتە (کەپوودرێژ) بەڵام قسەیەکی مەجازییە، هەر وەك لە زمانی کوردی وشەی لووتبەرز مەجازییە. لە زمانی عیبری وشەی (کەپوو) پەیوەستە بە تووڕەیی لەبەر ئەوەی ئەو جارەی کەسێك تووڕەیە کوونەکانی لووتی گەورەتر دەبن.
- بۆیە ئەگەر کەسێك لووتێکی درێژی هەبێت، مەبەستی ئەم هێمایە ئەوەیە کە زیاتر کاتی ئەوێت هەتا تووڕەیی بگاتە کۆتایی لووتەکەی. کەواتە ئەو کەسە ئارامگرە و زوو تووڕە نابێت.
- ئەم وشەیە بەکار هێنراوە بۆ وەسفکردنی یەزدان لەبەر ئەوەی گەلی خۆی زۆر جار غەدری لێ دەکەن بەڵام یەزدان ئارامگرە لەگەڵ ئەوان. مەبەستی ئەوە نیە کە هەرگیز سزایان نادات یاخود هیچ حوکم نادات، بەڵکو مانای ئەوەیە کە زۆر جار لێیان خۆش دەبێت و یەکسەر ئەو سزایەیان لەسەر نادات کە پێی شایانن (سەرژمێری ١٨:١٤ ؛ نەحەمیا ١٧:٩ ؛ یونس ٢:٤).
- ئایا عیسای مەسیح چۆن ئەم سیفاتەی بەرجەستە دەکرد لە ژیانی خۆیدا؟

---

## خێسێد (خۆشەویستی نەگۆڕ)

- (خێسێد) وشەیەکی زۆر گرنگ و تایبەتە لە زمانی عیبریدا. ئەوەندە قووڵ و ماناداره کە بە یەك وشەی کوردی وەرناگێرێت. (خێسێد) وەسفی خۆشەویستییەکی نەگۆڕ و بەوەفا دەکات.
- زۆر جار ئەم وشە بەکار هێنراوە بۆ خۆشەویستی و دڵسۆزی ئەو کەسانە کە پەیوەستن بە یەکتر لە ڕێگای خزمایەتی (بڕوانە ڕائووس ٨:١ ؛ ١٠:٣) یاخود لە ڕێگای پەیمانێك (بڕوانە پەیدابوون ٢٣:٢١ ؛ یەکەم ساموئێل ١٥:٢٠)
- ئەم وشەیە بەکار هێنراوە بۆ وەسفکردنی هەڵسوکەوتی یەزدان بەرامبەر گەلی خۆی لەبەر ئەوەی پەیمانی هەیە لەگەڵ ئەوان و هەرگیز واز لەوان ناهێنێت هەر چەندە ئەوان زۆر جار واز لەو دەهێنن. خۆشەویستی خودا بۆ گەلەکەی ناگۆڕێت و بە تەواوی دڵسۆزە بەرامبەریان (پەیدابوون ١٢:٢٤ ؛ عەزرا ٩:٩ ؛ زەبووری ١٣٦ ؛ ئیشایا ٣:٥٥).
- ئایا عیسای مەسیح چۆن ئەم سیفاتەی بەرجەستە دەکرد لە ژیانی خۆیدا؟

---

## ئێمێت (دڵسۆزی)

- وشەی (ئێمێت) لە وشەی (ئامێن) هاتووە کە واتە (باوەڕکردن یان دڵنیاکردنەوە). (ئێمێت) هەندێك جار واتە (ڕاستی) و هەندێك جاریش واتە (دڵسۆز) یاخود (بڕواپێکراو). دەکرێت (ئێمێت) بەکار بهێنرێت بۆ وەسفکردنی کەسێك یاخود بۆ باسکردنی شتێك.
- ئەو کەسانەی کە (ئێمێت)یان هەیە ڕاستگۆن و درۆ ناکەن. ئەوانیش متمانەپێکراون و گومان دروست ناکەن. هەروەها ئەگەر قسەیەك (ئێمێت) بێت واتە ڕاست و جێمتمانەیە. بۆیە وشەی (ئامین) دەڵێین دوای قسەیەك یان نوێژێکی ڕاست.
- ئەم وشەیە بەکار هێنراوە بۆ وەسفکردنی کەسایەتی یەزدان لەبەر ئەوەی هەرگیز درۆ ناکات (بڕوانە سەرژمێری ١٩:٢٣). هەر پەیمانێك کە دەدات دەهێنێتە دی و هەر شتێك کە دا دەمەزرێنێت جێسیقەیە (بڕوانە زەبووری ٧:١٩ ؛ دووەم ساموئێل ١٦:٧). سەرەڕای ئەوە یەزدان سەرچاوەی ڕاستییە و لەو هیچ بوونەوەرێکی دڵسۆزتر نیە (بڕوانە زەبووری ٥:٣٦ ؛ ئیشایا ١٦:٦٥).
- ئایا عیسای مەسیح چۆن ئەم سیفاتەی بەرجەستە دەکرد لە ژیانی خۆیدا؟

---

# بەشی سێ: وشە تایبەتەکان بۆ باسکردنی ئامادەبوونی خوداوەند

## ئاشکراکردنی ئامادەبوونی خوداوەند لە بینینی ئیشایا (ئیشایا ٦:١-٣)

- لە ئیشایا بەشی شەشدا، بینینێك بۆ ئیشایا پیشاندراوە. پێغەمبەرەکە خوداوەند دەبینێت لەسەر تەختەی بەرزی خۆیدا. لە سەرووی یەزدان چەند سەرافیمێك هەبوو کە پێکەوە وەسفی یەزدانیان دەکرد بە قسەیەکی زۆر تایبەت:
  - ٣:٦ بە زمانی عیبری: וְקָרָא זֶה אֶל־זֶה וְאָמַר קָדוֹשׁ קָדוֹשׁ קָדוֹשׁ יְהוָה צְבָאוֹת מְלֹא כָל־הָאָרֶץ כְּבוֹדוֹ׃
  - وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ: ئەو بۆ ئەوەی دیکە بانگی کرد و گوتی: پیرۆزە پیرۆزە پیرۆزە یەهوای سوپاسالار، هەموو زەوییەکە پڕە لە شکۆمەندییەکەی.
- دیارە کە ئەم دوو وشە (پیرۆز و شکۆمەندی) زۆر گرنگن بۆ تێگەیشتن لە ئامادەبوونی خوداوەند و پەیوەندی ئێمە لەگەڵ خودا.

## قادۆش (پیرۆز)

- لە زمانی عیبریدا، وشەی (قادۆش) مانای ئەوەیە (تەرخانکراو). ئەگەر شتێك یان کەسێکی (قادۆش) بێت واتە باو و دنیایی نیە بەڵکو دەگمەنە و هۆکار و ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە. گرنگە بزانین کە بە پێ یاساکانی تەورات، شتی گوناە نیە کەسێك پیرۆز نەبێت یان کەسێك گلاو بێت. بەڵام ئەوە گوناهێکی گەورەیە کە شتێك یان کەسێکی گلاو بێتە ناو شوێنێکی پیرۆز.
- لە سەردەمی پەیمانی کۆندا، دەبوایە هەموو شتێك و هەموو کەسێك کە دەچێتە ناو پەرستگاکە پیرۆز بێت لەبەر ئەوەی ئامادەبوونی یەهوا پیرۆزە و ئەو لە ناو پەرستگاکە نیشتەجێ بوو (بڕوانە دەرچوون ٥:٣ ؛ دەرچوون ٢٣:١٩ ؛ ٤٠:٩-١٣).
  - هەندێك کەس بە هەڵەوە دەڵێن کە یەزدان ناتوانێت نزیك بێت لە گلاویی مرۆڤ بەڵام ئەوە پێچەوانەی ڕاستییەکەیە. هیچ سنوورێك نیە لەسەر ئامادەبوونی خودا. بە کەیفی خۆی هاتوچۆ دەکات. بەڵام مرۆڤایەتی سنووردارە. ئەو کەسەی گلاوە کە دەچێتە لای ئامادەبوونی پیرۆزی یەهوا دەڕوخێت لەبەر ئەوەی یەهوا ئاگرێکی بێ ئامانە (دواوتار ٢٤:٤ ؛ مەلاخی ٢:٣-٣).
  - ئایا یەهوا لە گلاوی ئیشایا دەترسا یاخود ئیشایا لە پیرۆزی یەهوا دەترسا؟ بە دڵنیایی ئیشایا دەترسا (بڕوانە ئیشایا ٥:٦).
- (قادۆش) یەکێکە لە گرنگترین وشەکان بۆ وەسفکردنی یەزدان لەبەر ئەوەی ئەو لە هەموو کەس و شتێك پیرۆزترە. بە هۆی ئەوە سەرافیمەکان لە ئیشایا ٣:٦ دەڵێن (پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە). سێ جار دەڵێن (پیرۆزە) بۆ جەختکردنەوەی ئەم ڕاستییە. هەمان شتێکیش دەڵێن لە بینینی یۆحەنا (بڕوانە ئاشکراکردن ٨:٤). کەواتە یەهوا ئەوەندە تایبەتە کە هیچ بوونەوەرێك نیە وەك ئەو.
  - تێبینییەك: ڕۆڵی سەرافیمەکان (یان کەڕوبەکان) لە کتێبی پیرۆزدا ئەوەیە کە مرۆڤەکان بپارێزن لە ئامادەبوونی پیرۆزی خودا. بۆیە ئەوان دانرا بوون لە ڕۆژهەڵاتی باخچەی عەدەن (بڕوانە پەیدابوون ٢٤:٣) و هەروەها دوو پەیکەرێك بە شێوازی ئەوان دانرا بوون لەسەر سندوقی یەزدان لە ناو شوێنە پیرۆزەکەی پەرستگاکە (بڕوانە دەرچوون ١٧:٢٥-٢٢).
- مەبەست و گرنگی ئەوە چییە کە عیسای مەسیح (چووە ناو شوێنی هەرەپیرۆز) و ئێمەش دەتوانین (بچینە ناو شوێنی هەرەپیرۆز بەهۆی خوێنی عیساوە)؟ (بڕوانە عیبرانییەکان ١٢:٩ ؛ ١٩:١٠).

---

---

### کاڤۆد (شکۆمەندی)

- لە زمانی عیبریدا وشەی (کاڤۆد) مانای ئەوەیە (قورسی / گرانی) بەڵام بە شێوەیەکی مەجازی واتە (شکۆمەندی / شەرەف / ڕێز). هەروەها لە پەیمانی کۆندا بەکار هێنراوە بە شێوازێکی تایبەت بۆ وەسفکردنی ئامادەبوونی خودا.
  - لە کتێبی دەرچوون، کاتێك ئامادەبوونی خودا دەر دەکەوێت لەسەر شاخی سینا یاخود لەسەر چادری چاوپێکەوتن، وشەی (شکۆمەندی یەهوا) بەکار هێنراوە بۆ وەسفکرنی ئامادەبوونەکەی (بڕوانە دەرچوون ١٦:٢٤-١٧ ؛ ١٨:٣٣-٢٢ ؛ ٣٤:٤٠-٣٥).
  - دواتریش کاتێك ئامادەبوونی خودا دێتە ناو پەرستگاکە یاخود لە پەرستگاکە بەجێ دەهێڵێت وشەی (شکۆمەندی یەهوا) بەکار هێنراوە (بڕوانە یەکەم پاشایان ٨:١٠-١١ ؛ حزقیێل ١٠:١٨-١٩ ؛ ١١:٢٣)
  - هەندێك جاریش نووسینی (ناوی یەهوا) بەکار هێنراوە بۆ وەسفکردنی ئامادەبوونی خودا چونکە وشەی (ناو) لە زمانی عیبری بە مانای (شەرەف / ناوبانگ) دێت (بڕوانە دواوتار ١٢:٥-١١ ؛ دووەم ساموئێل ٧:١٣ ؛ یەکەم پاشایان ٨:٢٩).
- کەواتە قسەی سەرافیمەکان لە ئیشایا بەشی شەش (هەموو زەوییەکە پڕە لە شکۆمەندییەکەی) مانای ئەوەیە کە هەموو زەوی و بوونەوەرەکانی شەرەف و ناوبانگی خودا ڕەنگ دەدەنەوە و بەم شێوەیە ستایشی ئەو دەکەن. ئاسمانەکانیش بە هەمان شێوە ستایشی یەهوا دەکەن (بروانە زەبووری ١:١٩).
- بەڵام لە حەبەقوق ١٤:٢ پەیمانێك دەدرێت کە ڕۆژێك (زەوی پڕ دەبێت لە ناسینی شکۆمەندی یەزدان، هەروەك ئاو دەریا دادەپۆشێت). ئایا عیسای مەسیح بە چ شێوەیەك ئەم پەیمانە دەهێنێتە دی؟ (بڕوانە یۆحەنا ١٤:١ ؛ لۆقا ٢٨:٩-٣٦ ؛ دووەم کۆرنسۆس ٣:٤-٦ ؛ عیبرانییەکان ٣:١ ؛ ئاشکراکردن ٢٢:٢١-٢٧)

# بەشی چوار: وشە تایبەتەکان بۆ باسکردنی گەلی خوداوەند

## پێشەکی

- پەیمانی کۆن بە گشتی چیرۆکێکە دەربارەی پەیوەندی خوداوەند لەگەڵ مرۆڤایەتی، بە تایبەتی لەگەڵ گەلی خۆی. بۆیە شتی زۆر گرنگە کە تەنها باسی وشەکاری خودایی نەکەین بەڵکو هەروەها گفتوگۆ بکەین لەسەر وشەکاری مرۆڤی.
- لە پەیمانی نوێدا نووسراوە کە ئێمە کە باوەڕدارین بووین بە گەل و میراتگری خوداوەند (بڕوانە مەتا ١١:٨ ؛ ١٩:٢٨ ؛ گەلاتیا ٢٦:٣-٧:٤ ؛ ١٦:٦). لەبەر ئەوە گرنگە کە بزانین گەلی خۆدا کێن و بە چ شێوەیەك بووین بە ئەندامی ئەوان.

## ئادام (مرۆڤ / مرۆڤایەتی)

- لە زمانی عیبریدا، وشەی (ئادام) تەنها ناوێك نیە، بەڵکو وشەیەکی گشتییە بۆ (مرۆڤایەتی) یاخود بۆ (مرۆڤێك). دەکرێت ئاماژەی ئافرەتیش بکات، نەك تەنها پیاو. بەم شێوەیە لە پەیدابوون بەشی یەك تا سێدا، ئادام تەنها یەك کەس نیە بەڵکو وەك نوێنەرێك وایە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و گوناهی ئەو وەك گوناهی هەمووومانە. ناوی ژنی ئادامیش (حەوا / خەڤا) بە مانای (ژیان) دێت لەبەر ئەوەی بووە بە سەرچاوەی هەموو مرۆڤەکان.
  - وشەی (بێن ئادام) لە زمانی عیبری واتە (کوڕی مرۆڤ) و ئەوەش شێوازێکە بۆ وەسفکردنی نەوەیەکی ئادام یان مرۆڤایەتی بە گشتی (بڕوانە سەرژمێری ١٩:٢٣ ؛ ئەیوب ٦:٢٥ ؛ زەبووری ٤:٨ ؛ ئیشایا ١٢:٥١ ؛ حزقیێل ١:٢)
  - بەڵام دواتر بە هۆی دانیال ١٣:٧، (کوڕی مرۆڤ) دەبێتە ناونیشانێکی تایبەت بۆ ئەوەی کە وەك مرۆڤێك دێت بەڵام دەسەڵاتی خودا وەر دەگرێت.
- لە پەیدابوون ٢٨:١ خوداوەند بەرەکەتداری مرۆڤەکان دەکات و ئەرکێکی تایبەتیان پێ دەدات تا (دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە). بەم شێوەیە مرۆڤەکان (پیاو و ئافرەت) دەبنە وێنەی خودا لەسەر زەوییەکە (بڕوانە پەیدابوون ٢٦:١-٢٧).
- لە پەیمانی نوێدا، عیسای مەسیح ناونیشانەی (کوڕی مرۆڤ) زۆر بەکار دەهێنێت بۆ ئاماژەکردنی خۆی (بڕوانە مەتا ٢٠:٨ ٦:٩ ؛ ٢٣:١٠ ؛ ٨:١٢ ؛ هتد). هەروەها پۆڵسی نێردراو باسی مەسیح دەکات وەك دوا ئادام یاخود ئادامی نوێ (بڕوانە یەکەم کۆرنسۆس ٤٥:١٥ ؛ ڕۆما ١٢:٥-٢١). گرنگی و مەبەستی ئەم ناونیشانانە چییە؟

---

---

## ئیسرائیل و یەهودییەکان

- لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان گوێڕایەڵی دەنگی خودا نەبوون، بەرەکەت و پایەی خۆیان لە دەستدا. هەروەها دوور کەوتن لە ئامادەبوونی یەزدان و لە ڕێگای گوناه و توندوتیژی ڕۆیشتن (بڕوانە پەیدابوون ٣-١١).
- بەڵام یەزدان واز لە مرۆڤەکانی نەهێنا بەڵکو گەلێکی تایبەتی هەڵبژارد بۆ بەرەکەتدارکردنی هەموو نەتەوەکانی دیکە (بڕوانە پەیدابوون ١٥:٣ ؛ ٣:١٢ ؛ ١٨:٢٢). ئەم گەلە تایبەتە لە ڕەچەلەکی یاقوب هات بوون (بڕوانە پەیدابوون ١٤:٢٨).
  - لە پەیدابوون ٢٤:٣٢-٣٢، خودا ناوێکی نوێ لە یاقوب دەنێت: (ئیسرائیل). ئەم ناوە بە مانای (تێکۆشان برامبەر خودا) دێت. دواتر هەموو نەوەکانی یاقوب بە ناو (ئیسرائیل) یاخود (نەوەکانی ئیسرائیل) ناسراون (بڕوانە دەرچوون ١:١-٧).
  - هەر وەك ئادام نوێنەری هەموو مرۆڤایەتی بوو، یاقوبیش دەبێتە نوێنەری هەموو گەلی خودا – ئەوانەی کە وەك یاقوب زوو زوو تێ دەکۆشن لەگەڵ خودا. لە پەیدابوون بەشی سی و چوارەوە، پەیمانی کۆن باسی ئەم گەلە دەکات.
- کەواتە لە کتێبی پیرۆزدا گەلی (ئیسرائیل) ئاماژەی دوازدە هۆزەکانی یاقوب دەکات کە زۆر زیاد بوون لە خاکی میسر و نیشتە جێ بوون لە کەنعاندا. لە سەردەمی شاول و داود، ئەم دوازدە هۆزە بوون بە شانشینێکی یەکگرتوو.

- کاتێك گفتوگۆ دەکەین دەربارەی گەلی ئیسرائیل لە کتێبی پیرۆزدا، زۆر گرنگە کە ڕوون بین دەربارەی جیاوازی شانشینی ئیسرائیلی دێرین لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیلی ئێستا. کە دەڵێین ئێمە بووین بە ئەندامی گەلی خودا مەبەستمان ئەوە نیە کە بووین بە ئەندامی وڵاتی ئیسرائیلی ئێستا یان کە خوداوەند پشتگیری کردارە توندوتیژییەکانی ئەوان دەکات.

- دوازدە هۆزەکانی ئیسرائیل تەنها بۆ ماوەیەکی کورت یەکگرتوو بوون. دوای پاشایەتی سلێمان، شۆڕشێك هەبوو و شانشینی ئیسرائیل دابەش بوو بەسەر دوو شانشینێك. ئەوەی لە باکووردا بە ناوی (ئیسرائیل) ناسراو بوو لەبەر ئەوەی زۆربەی هۆزەکان سەر بەو شانشینە بوون. ئەوەی لە باشووریشدا بە ناوی (یەهودا) ناسراو بوو لەبەر ئەوەی هۆزی یەهودا گەورەترین هۆزی ئەوان بوو (هەروەها پاشاکانی ئەوان سەر بە هۆزی یەهودا بوون). هۆزی بنیامین و هەندێك لە لێڤییەکانیش لە شانشینی یەهودا دەژیان.
  - دوای داگیرکردنی سامیرەی پایتەختی ئیسرائیل بە دەستی ئاشورییەکان (٧٢٢ پ.ز.)، نەوەکانی هۆزەکانی باکوور ڕاپێچ بوون بۆ وڵاتەکانی جیهان و ون بوون لەو شوێنانە. بەرە بەرە مێژوو و ڕەچەلەکی خۆیان لە بیر چوو.
  - لە ساڵی ٥٨٦ پ.ز. سوپای ئیمپراتۆریەتی بابل هاتە ئۆرشەلیمی پایتەختی یەهودا. ئەوان شارەکەیان داگیر کرد و بە تەواوی پەرستگاکەیان ڕوخاند. بۆ ماوەیەك خەڵکی یەهودا ڕاپێچکراو بوون بەڵام لە ساڵی ٥٣٨ دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ خاکی خۆیان و لە ساڵی ٥١٦ پەرستگایەکی نوێیان دامەزراند. لەو سەردەمەوە خەڵکی هۆزەکانی باشوور بە ناوی (یەهودی) ناسراو بوون (واتە ئەوانەی کە بە ناوی "جولەکە" نەسراون لە زمانی کوردیدا). کەواتە جولەکەکان هی ئیسرائیلن بەڵام زۆر هۆزیش هەیە جگە لەوان کە ئەوانیش هی ئیسرائیلن.

- هەر چەندە جولەکەکان گەڕانەوە بۆ خاکی خۆیان، کۆیلایەتییان تەواو نەبوو لەبەر ئەوەی سەردەم بە سەردەم ژێر دەستی ئیمپراتۆرێك بوون. هەروەها تەنها سێ لە دوازدە هۆزەکانی ئیسرائیل ڕزگار بوون.
- پێغەمبەرەکان بە بەردەوامی پێشبینی ڕۆژێکیان دەکرد کە یەزدان گەلی خۆی دا دەمەزرێنێتەوە و زیندوو دەکاتەوە – نەك تەنها جولەکەکان بەڵکو هەموو گەلی ئیسرائیل (بڕوانە ئیشایا ١١:١٠-١٣ ؛ یەرمیا ٣١ ؛ حزقێیل ١٨:٣٧-٢٨ ؛ میخا ١٢:٢-١٣).
- بۆیە کاتێك عیسای مەسیح هات و دوازدە قووتابییەکەی بانگ کرد، دەستی کرد بە دامەزراندنەوەی گەلی ئیسرائیلی خودا (بڕوانە مەرقۆس ١٣:٣-١٩ ؛ مەتا ٢١:١٥-٢٨ ؛ ٢٧:١٩-٣٠). بەڵام چۆن دەبێت مەسیح گەلی ئیسرائیلی خودا دا بمەزرێنێتەوە بە بێ هۆزەکانی باکوور؟ (بڕوانە مەتا ١١:٨ ؛ ١٩:٢٨ ؛ گەلاتیا ٢٦:٣-٧:٤ ؛ ١٦:٦)

---

---

## ماشیەخ (زەیت لێدراو / مەسیح)

- وەك باسمان کردووە، جولەکەکان چاوەڕێی دامەزراندنەوەی شانشینی ئیسرائیل بوون. بە گوێرەی پێغەمبەرەکانی یەزدان، جێبەجێکردنی ئەم پەیمانە پشت بە هاتنی مەسیحەکە بەستراو بوو (بڕوانە ئیشایا ١١:١٠-١٣ ؛ یەرمیا ٥:٣-٦ ؛ ئامۆس ١١:٩-١٥).
- وشەی مەسیح لەو وشەی عیبری هاتووە (ماشیەخ) کە بە مانای (زەیت لێدراو) دێت.
  - لە پەیمانی کۆندا نەریتی زەیت لێدان مەبەستێکی تایبەتی هەبوو. کاتێك پێغەمبەرێك زەیت لە کەسێکی دا واتە ئەو کەسە تەرخانکراوە و دەستنیشانکراوە تاکو ڕابەری گەلەکە بێت و نوێنەری خەڵکەکە بێت لە بەردەمی خوداوەند.
  - لە سەردەمی پەیمانی کۆندا پاشاکان و کاهینەکان زەیت لێدراو بوون بۆ ئەم مەبەستە (واتە ماشیەخ بوون). بەڵام کاتێك پێغەمبەرەکان پێشبینی هاتنی (ماشیەخەکە) دەکەن، مانای ئەوەیە کە نەوەیەکی داود دێت کە هەموو پەیمانەکانی یەزدان دەهێنێتە دی. ئەو مەسیحە حوکم لەسەر دوژمنانی ئیسرائیل دەدات و پاشایەتی ئاسمان و زەوی وەر دەگرێت بۆ هەتاهەتایی (بروانە دووەم ساموئێل ٨:٧-١٤ ؛ زەبووری ٢ ؛ ١١٠ ؛ ١٣٢:١٠-١٧ ؛ ئیشایا ١:١١-١٠ ؛ حزقێیل ٢٢:٣٤-٢٩).
- هەندێك لە پێغەمبەرەکانیش پێشبینییان کرد کە مەسیحەکە ئازار دەچێژێت (بڕوانە ئیشایا ٥٣ ؛ زەکەریا ١٠:١٢)
- بۆ چی گرنگە کە لە مەبەستی وشەی (مەسیح) تێ بگەین و بزانین کە تەنها ناوێك نیە بەڵکو ناونیشانێکی تایبەتە؟

---

# دەرئەنجام

## گرنگدان بە وشەکانی کتێبی پیرۆز

- ئەگەر باوەڕمان وا بێت کە کتێبەکانی پەیمانی کۆن پیرۆزن و مانادارن، زۆر گرنگە کە لە وشەکانی ئەم کتەبانە تێ بگەین بە شێوەیەکی ڕوون. لەم کۆرسەدا هەوڵمان داوە هەندێك لە گرنگترین وشەکانی عیبری ڕوون بکەینەوە تاکو بەرەو ئەم ئامانجە بچین.
- بەڵام زانیاری شتی بەسوود نیە ئەگەر بە تەنیایی بێت. گرنگە کە ئەم زانیارییە بەکار بهێنین تاکو باشتر تێ بگەین لە کەسایەتی یەزدان و پەیامی ئەو بۆ گەلەکەی (وەك ئێمە).

## بەردەوام بوون لە فێربوونی وشەکاری کتێبی پیرۆز

- هیوا دارم کە هەمووتان بەردەوام بن لە فێربوونی وشەکاری کتێبی پیرۆز. ئەگەر هەر کاتێك پرسیارێکتان هەبێت دەربارەی وشەیەك یان بیرۆکەیەك لە کتێبی پیرۆزدا، تکایە پەیوەندیم بۆ بکەن.
- مەجالّمان نەبوو هەموو وشەکانی گرنگ بخوێنین لە پەیمانی کۆندا. ئەگەر پێت خۆش بێت بەردەوام بیت لە خوێندنی وشەکاری پەیمانی کۆن، شتی بەسوودە بەم وشانەی خوارەوە دەست بکەیت:
    - چاکە و خراپە (تۆڤ و ڕاع) ؛ تەورات و دانایی (تۆرا و خەخام)
    - ڕزگارکردن و کڕینەوە (یاشەع و گائەل و پادا) ؛ لێخۆش بوون **(**ناسا خەتائات)
    - دادوەریکردن و لێدان **(**شافات و ناخا) ؛ کەفارەتکردن (کافەر)
    - ڕۆح و گیان (ڕوەخ و نێفێش) ؛ دڵ و مێشك و بیر (لەیڤ)

## بیر و چوارچێوەی خۆتان

- هیوا دارم کە ئێوە دەرفەتێکتان هەبێت ئەم زانیارییە بەکار بهێنین کاتێك خزمەتی کۆمەڵی باوەڕداران دەکەن و بەم شێوەیە هەموو کلێسای کوردی هاندراو بێت و بەرەکەتدار بێت. بەڵام لە هەموو گرنگترە پێکەوە شکۆمەندی مەسیح بەرز بکەینەوە.
- بە ڕای تۆ، کامە لە بەشەکانی ئەم کۆرسە بەسوودترین بوو؟ ئایا کامە لە وشەکان گرنگترین بوو؟ کامەیان سەرنجڕاکێش بوو؟

________________________________________

________________________________________

________________________________________

- بە ڕای تۆ، دەبێت چۆن ئەم زانیارییە بەکار بهێنین بۆ هاندان و فێرکردنی برا و خوشکەکانمان کە باوەڕدارن؟

________________________________________

________________________________________

________________________________________

- بە ڕای تۆ، شتی بەسوودە چ بابەتێك بخوێنین لە داهاتوودا کە پەیوەستە بە لێکدانەوەی کتێبی پیرۆز؟

________________________________________

________________________________________

# سەرچاوەکانی توێژینەوە

Alexander, T. Desmond, and David W. Baker, eds. *Dictionary of the Old Testament: Pentateuch*. IVP Academic, 2003.

Brown, Francis, S. R. Driver, and Charles A. Briggs. *The Brown-Driver-Briggs Hebrew and English Lexicon*. Hendrickson Academic, 2010.

Pelt, Miles V. Van, and Gary D. Pratico. *The Vocabulary Guide to Biblical Hebrew*. Zondervan Academic, 2003.

Staples, Jason A. *The Idea of Israel in Second Temple Judaism: A New Theory of People, Exile, and Israelite Identity*. Cambridge University Press, 2021.

The Bible Project. *Character of God Video Series.* https://bibleproject.com/videos/collections/character-of-god/